# چپەی بەردێک

## تەها ئەمین هەڵەدنی

بەردێک هەتا توانی، لێوەکانی لە گوێچکەیەک نزیک کردەوەو ووتی: دەزانی، تێدەگەی، تۆ خەریکی چیت؟

دەزانی، تۆ سەنگەرت لە کەسێک گرتوە، کە دەتوانێت، منی بەردی سەنگەرت، لەگەڵ تۆی چەک لەدەست بەفوو بەرێ بەحەواوە؟

دەزانی، ئەوانەش کە تۆ چەکت بۆ کردونەتە شان، لێت دەکەونە تەقە و شار بەدەرت دەکەن.

نازانم، دەزانی مێژووی ئەم جەنگە هێندە خوێناویە،مێژووش شەرم لە پاشەکەوتکردنیان دەکات؟

دەزانی، لەم شەڕەدا، پەیکوڵ دەچەقێت بە پێدا،بستێ بە ئێسکوو گۆشتدا ڕۆ دەچێ؟

دەزانی، کە دەبێ بڵێ، ئای کە پەیکوڵێکی نازک و نەرموو نیانە؟

دەزانی کە دەتوانن بیبیلە چاوەکانت، لەپشتی سەرتەوە دەربهێنن، پێوسیتش دەکات کە بڵێی ،ختوکەم مەدەن؟

دەزانی لەم جەنگەدا، دەتوانن دڵت بە چنگیان دەربهێنن بەڕاپسکانێ و تەواوی ڕیشاڵەکانی خوێنت، لە یەکدی بترازێنن؟

دەزانی، دەتوانن کاسەی سەرت بکەن بە جامی مەینۆشی؟

دەزانی، دەتوانن، فوارەی خوێنی دڵت، بکەنە بەزمی سەرچۆپی؟

من تەنها بەردێکم، تەمەنم ملێنەها ساڵە، زۆرم دیوە، لەم دەڤەرە هەزارەها مل ملانێی خوێناویم دیوە، بۆیە ئەڵێم بیر نەچێ ئەم شەڕە، شەڕە.

بەڵێ: دەزانم، مێژوو بۆی گێڕامەوە، کە ژان دێ ئارک سووێندرا، هەرچەند ژان دێ ئارک دووجار فەڕانسەی ڕزگار کرد، لەدەست ئینگلیزەکان، کەچی پاپاکانی فەڕانسە فرۆشتیان بە ئینگلیزە بەخوێن تینوەکان.

بەڵێ، دەزانم کە کڵێسا چیوردانی برۆنۆی سووتاند، ساڵی 1600، ئەو تەنها 52 ساڵ ژیا 8 ساڵ لەژێر ئەشکەنجەو زینداندا بوو. هەرچەند بەرهەمەکانی چیوردانۆ سەرجەم لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بوو.

ئاگارایشم کە بەهای لەدایک بوونەوەی(ڕێنەسانس) ی ئەورووپا سووتاندنی گیانی 6میلیۆن مرۆڤ بوو.

بۆیە ئێمە دڵۆپێکی ئەم کێشەیەین، دەبێ قوربانی بدەین، بێ قوربانی خواکان ژیان نادەنە ئەوانی دی.

بەڵێ دەزانم: ئەمانە وەک بێچوە دوپشک ناوسکی نیشتمان دەخۆن، تا خۆیان بژین.

ئەمانە لەبوونیاندایە، کە هەمیشە بف لە چراکان بکەن.

بۆیە قوربانی کەس دووکەس، لە چاو قوربانیەکانی کە سووتاندنی 6 میلیۆن مرۆڤە ،لە هیچ کوێ دیار نیە.